# ئیفلاسی سیاسی هەرای بەشوێنەوەیە

## نەوشیروان مستەفا چی پێئەکرێت!

**محمـــــد غفـور**
5نۆڤەمبەر2004
mgafor@yahoo.com

بەداخەوە وەهم بەناسیونالیزمی کورد لەناو خەلکی کوردستاندا سەرباری تەنگبوونەوەی مەوداکەی،لەپال چەند فاکتەری دیکەدا،هێشتا ڕێگای داوە تاسەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی چنگیان لەخواستی ڕەوای خەلکی کوردستان بۆ ڕزگاربوون لەستەم وچەوسانەوەی میللی بەرنەدەن ولە لوتکەی بنبەستی سیاسی بزووتنەوەکەیاندا،خەریکی یاریکردن بن بەهەست ونیست وموقەدەراتی ئەم خەلکە.ئاخر بڕیاربوو دوو حیزبی پارتی ویەکێتی وبارزانی وتالەبانی وسەرانی تریان شتێک بکەن وسەرەنجام وەلامێک بەخەلکی کوردستان بدەنەوە سەبارەت خواستی سەربەخۆیی.بەلام ئەبینین خۆیان وحیزبەکانیان کەوتوونەتە بەرەی شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە ولەبەرامبەر هەڕەشەکانی یاوەردا بۆسەرکوتی خواستی بەرهەق وئینسانی خەلکی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دا بێدەنگن،و ئەیانەوێ بەناوی ئەو فیدرالیەی کەلەگالتەجاڕیەک زیاتر نییە،خەلکی کوردستان وەکو بەشێک لەعێراق ڕاپێچی هەلبژاردن بکەن.لەکاتێکدا خواستی سەربەخۆیی ورزگاربوون لەپلەدوویی بەپانتایی کوردستان شەپۆلئەدات. دەیان سال لەکوێرەوەری وکارەساتی ئەم خەلکە بەدەست دەسەلاتی شۆڤێنیزمی عەرەبییەوە، ڕووبارێک لەخوێن لەپێناوی سەربەخۆیی وکۆتایی هاتنی زولم وستەمی میللی دا،کێوێک لەئیدیعا وپڕوپووچی خەباتیش لەلایەن ئەوانەوە بۆ درووستکردنی "دەولەتی قەومی"،تازەبەتازە سەرکردایەتی (ینک)دەرگیری تەسفیەحسابی تالانی وڕاووڕووتی وسەروەتی بابردەلەی بەردەستیانن.نەئەم شەڕوهەرایەی ئێستا ونەتەکەتولات وکێبەرکێکانی ڕابردووی ناو یەکێتی هیچ پەیوەندییەکیان بەخەلکی کوردستان ومەسەلەکانیانەوە نەبووە ونییە.ستراتیژی بزووتنەوەی نایسونالیستی کورد بەشێوەیەکی گشتی بەشداربوون وشەریکبوونەوە بووە لەدەسەلاتدا،نەک هەول وتێکۆشان بۆ لابردنی ستەمی میللی، وبەم مانایەش دەستبەسەراگرتنی سەروەت وداهاتی کوردستان بووە.ئەوان 13 سالە بەئاواتی خۆیان گەیشتوون وخەلکیشیان لەچاوەڕووانیدا ڕاگرتووە.دەسەلاتی تاکرەوی وبێهاوتای تالەبانی وعەشیرەتەکەی لەناو یەکێتیدا،گەورەترین سەروەتی هاویشتۆتە دەستییەوە،وکۆسرەت رسول ونەوشیروان مستەفا وئەوانی تر ڕەخنەیان لەم مەکانەتە سیاسییە بەمانای بردنی ئەو ئاستە سەرسووڕهێنەرەی سەروەتە لەلایەن تالەبانییەوە،نەک هیچی شتێکی تر.ڕەخنەیان هەرگیز لەوە نییە کەتالەبانی سوێند بەیەکپارچەیی خاکی عێراق دەخوات وبەناوی فیدرالییەوە خەریکە خواستی سەربەخۆیی لەبارئەبات!ڕەخنەیان لەسیاسەتی سەرکوتی دەنگی موخالیف وئەم شتانە نییە لەلایەن یەکێتی وتالەبانییەوە،وئەساسەن خۆیان داردەستی دەستی تالەبانی بوون لەسەوکوت وتەسفیەدا،چلەناو خۆی یەکێتی وچلەبەرامبەر ئەحزابی موخالیفیاندا.

تائەو شوێنەشی ئەگەڕێتەوە بەکاریگەری ئەم جەنگ وهەرایەی ناو سەرکردایەتی (ینک) بۆسەر ڕای گشتی لەکوردستاندا،ئەسل هەر ئەم تابلۆیەیە کەباسمکرد.گەندەلی سیاسی ئەم حیزبانەی بزووتنەوەی کوردایەتی بەڕادەیەک ئاشکراو ڕوونە،کەئەگەر خەلک ئازاد بن وترسی ئەم حیزبانە وئەم بێچووەدیکتاتۆرانەیان بەسەرەوەنەبێت،لەماوەی یەک هەفتەدا لەکوردستان دەورودوکانیان هەلدەپێچن، وسەرانیان هەرلە تالەبانییەوە تاکۆسرەت رسول ونەوشیروان مستەفا بەتاوانی گەورەیان لەبەرامبەر مرۆڤایەتی وخەلکی کوردستاندا ئەدەنە دادگا.خودی ئەم تەکەتول وکێشەیەی کەناتوانن بیشارنەوە ولەسەر بنچینەی ناڕەزایەتی ژمارەیەک لەئەندامانی مەکتەبی سیاسیان،کەهەریەکەیان تەمسیلی کوتلەیەکی حیزبی وحکومەتی ئەکەن،لەبەرامبەر دەستڕۆیشتوویی تالەبانی وئەندامانی خێزان وعەشیرەتەکەیدا بۆ قولدانی سەروەت وداهاتی ئەم کۆمەلگایە،سەری هەلداوە،باشترین بەلگەی ڕیسوابوون وتەریککەوتنەوەی ئەم حیزبانەن لەخەلکی کوردستان.بۆیە ئەزمە وبنبەستێک کەناسیونالیزمی کورد وحیزبەکانی بەرەوڕووی بوونەتەوە،کەمەری ئەم حیزبانە ووردئەکات بەمەرجێک خەلکی کوردستان وەهمیان بەم بزووتنەوەیە فرێ بدەن ویەکپارچە لەدەوری خواستی بەرپاکردنی ڕیفراندۆم پێشلە هەلبژاردن لەعێراقدا ڕیزببەستن.یەکێتی نیشتمانی وتالەبانی هەرچی هەیانبوو لەهەگبەیاندا،هەلیانڕشتوو هەموو بینیمان.بنبەستێک وتەکەتولاتێک کەلەناو (ینک)دا پێکهاتووە،چتێپەڕێنرێ یانا،هیچ لەم دۆسیەیەی ئەم سەرکردایەتییە ناگۆڕێت.بزووتنەوەی کوردایەتی هەردوو بالەکەی پەکی کەوتووە،وخەریکە سەری لەبەرد ئەدات.نەوشیروان مستەفا خۆی کەپیاوی تالەبانییە وقیادەی تەسفیە وکوشتنی دیل وڕاپەڕندنی پیلان وسات وسەوداکانی یەکێتی وتالەبانی کردووە،ومێژووی پڕلەتاوان وسازکردنی ناوچەگەری بەشوێنەوەیە،سەرباری خوێنەواریەکەی وئەو ئەفسانەیەشی کەئەم بزووتنەوەیە لێی دروستکردووە، کەگوایا "پیاوی"ڕۆژی نەهاتی یەکێتییە،ئەمڕۆ ئەویش سەرەی کوتلەیەکی ناڕازی ناو سەرکردایەتی یەکێتیە لەدژی دەسەلاتی سەددامئاسای تالەبانی و،وەسسەلام.داروەدستەیەکی ناسیونالیستی کۆنەپەرست وعەشایەرپەرستی وەکو ئەمانە کەبەسەر شەپۆلی خواستی کۆتایی هێنان بەستەمی میللییەوە هێلانەیان کردووە،ونوشوست دوای نوشوست لە66وە تا75 وتاکەشفبوونی فایلی بەعسیبوونیان دوای هەرەسی ڕژێمی سەددام بەئێرە گەیشتوون،ئێرەشیان ئەبینین کەچۆن دەرگیری سەروگوێلاکی یەکترین،بەهیچ جۆرێک مافی ئەوەیان نییە کەچیتر بەناوی مەسەلەی کورد ولابردنی زولمی قەومییەوە هەروا تەوقی ملی خەلکی شەریف وئازادیخوازی کوردستان بن،وخۆیان سەروەتمەند بکەن وملیارد ملیارد پارەوپوول کەلەکەبکەن وخەلکیش لەهەژاری وبێکاری و پلەدوویدا ڕابگرن.ئەم حیزبانە عومری ناموفیدیان کردووە وکاتی خستنەلاوەیان هاتووە.لەهەرگۆشەیەکی ژیانی خەلکی کوردستاندا کەزەڕەیەک ئازادی تیابەوجود بێت،دەمودەست باس دێتەسەر دۆسیەی پڕلەتاوانی ئەم حیزبانە لەدژی خەلکی کوردستان.کەواتە ئازادی وەکو ئۆکسژین پێویستە بۆمان.هەنگاوی یەکەمیش بۆبەدەستهێنانی ئەم ئازادییە خۆڕزگارکردنە لەخولگەی موزەخرەفاتی بزووتنەوەی ناسیونالیستی کورد.ئەم نەفرەتە

سەرتاپاگیرە لەدژی ئەم حیزبانە وسەرکردایەتییەکانیان،تەنانەت لەناو ڕیزی ئەندامانی حیزبەکانیشیاندا گێنگلئەدات.من بانگەوازیان ئەکەم کەئەو مێژووە ڕەشەی ئەم حیزبانە ڕەت بکەنەوە وخۆیان ئازاد بکەن.بەبڕوای من ئەمە باشترین وەفادارییە بۆ ئەو ئامانجانەی کەدەیانهەزار ئینسانی ئازادیخوازی کوردستان لەپێناویدا بوونە قووربانی.ئەمڕۆ باشترین فرسەتێکە بۆ ئەم هەلبژاردنە سیاسییە.